*Danmarks Committe of* کۆمەڵە *komala party - Iranian kurdistan*

19/02/2007

## دانیشتنی رێکخراوی دانمارک ی کۆمەڵە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان- ئێران

رۆژی یەکشەمە، 18.02.2007 ،لە سەر داوای بەرێزان، کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دێموکراتی کوردستان- ئێران،کۆبونەوەیکی دووقۆلی لە شاری هوندیگ ی وولاتی دانمارک سازدرا. لەو کوبوونەوەیەدا، هەیئەتی نوێنەرایەتی کۆمەڵە کە پێک هاتبوو لە بەرێزان ئەمیر مسباح بەرپرسی کۆمیتە و کاک عومەر فەتتاحی کادری کۆمەلە، سەردانی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتیان کرد کە لە لایەن بەرێزان،رەشید قازی بەرپرسی کۆمیتە و کاک عەباس و کاک ناسرپیرانی،ئەندامانی کۆمیتە،زۆر بە گەرمیی پێشوازییان لێکرا.

سەرتای کۆبوونەوەکە بە قسەو باسی بەرێزان، وە فدی خانەخوێ سەبارەت بە کێشە ناوخوییەکانی ناو حیزب پێش جیا بوونەوە و سەبەب و هۆیەکانی لێک جیابوونەوەی هەر دوو باڵی ناو حیزب دەستی پێ کرد . هەر لەم بارەیەوە، وەفدی کۆمیتەی کۆمەڵە ئاماژەیان کرد بە هەڵوێست و سیاسەتەکانی کۆمەڵە لە ئاست ئەم مەسەلەیە و بیر و رای خۆیان لە مەڕ ئەم جیابوونەوەیە و ئەنجامەکانی باس کرد وهاوکاتیش لەگەڵ دەربڕینی داخ و هەستی پێناخۆش بوون بە نیسبەت لەت بوونی حیزب ، ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاریی هەرچی زیاتر و پتەوتر لە بوارە جیا جیا کاندا راگەیاند.

کۆبوونەوەکە بە کۆمەڵێکی تر قسە و باس سەبارت بارودۆخی سیاسی ، بەرەی کوردستانی و بابەتی تری لەو چەشنە درێژەی پێ درا و پاش 2 کاتژمێر وت و وێژی چڕ و پڕ و پڕ بایەخ، بە تەئکیدی دوبارە لە سەر پێوەندیی و هاوکاریی هەرچی نێزیکتر و زیاتری هەر دوو لا، لە کەش و هەوایەکی باش و دۆستانەدا کۆتایی پێ هات .

........................................................................................................

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران - کۆمیتەی دانمارک

komala_dk@yahoo.dk Tel 0045 266 664 17